# تۆران... چارەسەرە یان گەورەکردنی کێشەکان؟

**نم...نم**

تووڵەڕێیەک هەیە هەندێک لەژنان ئەو ڕێیە دەگرنە بەر، کەپێ دەچێت چاوی گرکاناوی ئاگرێک دەریان پەڕێنێت و بەناچاری بیگرنەبەر...

ئەو ڕێگەیەی لەلایەکەوە دەستی زبری تەڵاق و لەلایەک دەستی سپی ماڵێک لەنێو دوکەڵێکدا بانگی دەکات دیاردەی (تۆران) و ماڵ بەجێهێشتن لەلایەن ژنانەوە، نەریتێکی بەربڵاوە کەلەکاتی سەرهەڵدانی کێشەو گرفتەکاندا ژنان پەنای بۆدەبەن. یان زۆرجار لەکاتی هەڵچوون و توڕەبووندا دەگەڕێتەوە بۆماڵی باوانی...

وەنەبێ تۆران چارەسەری کێشەکان بکات، بەڵکو زۆرجار دەبێتە هۆی گەورەکردنی کێشەکە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کەنهێنی نێوان ئەم دووهاوسەرە دەکەوێتە بەر دەستی کەس و کارەکانیان، هەربۆیە پێش تۆران کێشەکە تەنها ژن و مێرد خۆیانن، بەڵام دوای تۆران دەبێتە شەڕە قسەی نێوان دوو خێزان و بنەماڵە، بەتایبەت گەر کێشەکەی ئەم ژنە تۆراوە بکەوێتە بەردەستی کەسانی نەزان و گرفتەکان قوڵتر بکەنەوە و ڕێگاوشێوازی هەڵەدابنێن بۆچارەسەر.

هۆکارەکانی تۆران:

١)ژن لەناخەوە هەست بکات لەهاوسەرەکەی زیاترە لەهەچ لایەنێکەوە هەبێت، یان بیرکردنەوە لەناز و خزمەتکردنی ماڵە باوان.

٢)هەستکردنی ژن بەماندووبوون و بێ ئەوەی کەس ڕێزێک یان سوپاسێک بەرامبەر بەماندوبونی دەربڕێت.

ئەم ژنە دەیەوێت نەبوونی خۆی لەماڵەکەدا بخاتە پێش چاوی هاوسەرەکەی، تابەڵکەم قەدری بزانێت و هەست بەبۆشایی بکات لەماڵەکەدا.

٣)زۆرجار هەندێک پیاو خۆیان ژنەکانیان فێرە تۆران دەکەن، لەگەڵ هەرناکۆکیەکدا دەڵێن بۆناڕۆیتەوە ماڵە باوکت دەرگا کراوەیە.

٤)بێ دەسەڵاتی بەرامبەر بەکێشەکانی ناو خێزان، دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە هەموو خەڵکی بەکێشەکانی بزانن و بێن بەدەمیەوە.

٥)زۆر ژن دەیەوێت پیاوەکەی لەڕێگەی تۆرانەوە عەیبدار بکات.

٦)ئەم ژنە هەندێک کەسی بینیوە لەڕێگەی تۆرانەوە کێشەکەیان چارەسەر بووە، بێ ئاگالەوەی کەهەرکەسەو بەشێوازێک بیردەکاتەوە پێدەچێت پیاوێک دەستی لەزۆرخوی خراپی خۆی هەڵگرتبێت دوای تۆرانی خێزانەکەی، بەڵام هەندێک پیاو هەن بەپێچەوانەوە بیردەکەنەوە دەیکەنە بیانوویەک بۆتەڵاقدانی ژنەکانیان.

٧) زۆر ژن هەیە فێرە تۆرانە، واتە خویەکی تایبەت بەخۆیەتی ئەویش دەگەڕێتەوە بۆپەروەردەی خێزانەکان، کەمنداڵەکانیان فێرە تۆران دەکەن نەک چارەسەرکەری کێشە، یان لەخێزانی ئەماندا تۆرانی خوشکی گەورەو براژن و حاڵەتێکی سروشتی بووە بۆیە ئەمیش پەنای پێدەبات.

واباشە کەژنان بەرلەوەی ماڵ بەجێبهێڵن عەقڵی خۆیان بخەنەکار و دەرئەنجامەکانی دوای تۆران بخەنە پێش چاویان، چونکە ئەو خێزانانەی کەتۆران لەنێوانیاندا ڕوودەدات، خەڵکی بەچاوێکی دیکەوە لێیان دەڕوانێت، یان بەشی ئاشتی لێ بهێڵنەوە و هەموو نهێنیەکانی خۆیان نەخەنە بەردەستی کەسانی جۆربەجۆر، هەوڵبدرێت کەسانی شیاو بکەنە دادوەری خۆیان تا نهێنیان پارێزراوبێت.



پێشینان وتویانە: سواربوون عەیبێک و دابەزین دوو عەیب"

# خاڵە جیاوازەکانی نەوەی دوێنێ و ئەمڕۆ

**و/گەشبین**

لێکۆڵەرەوان هەندێ خاڵیان دیاری کردوە وەک جیاوازی لەنێوان جیلی دوێنێ وئەمڕۆدا.

-گەنجان هەمیشە حەزیان لەنوێکاریەو گەورەکانیش لەدژیان دەوەستن و گرنگی بەشتە کۆنەکان دەدەن.

-گەنجان حەزیان لەسەرکەشی و پاڵەوانێتی و وئازایەتی و خۆدەرخستنە، بەڵام گەورەکان گرنگی دەدەن دابونەریتو پارێزگاری کردن لێی.

-گەنجان زۆربەیان خەیاڵین، بەڵام گەورەکان زۆرتر واقع بینن.

-گەنجان بەشێوەیەکی کەم گەشبینن، گەورەکان بەشێوەیەکی گشتی باوەڕیان بەجدیەت و هەوڵدانە.

-گەنجان بەپەلەن، گەورەکان هێواشترن.

-گەنجان بیر لە داهاتوو دەکەنەوە، گەورەکان بیرلەڕابردوو دەکەنەوە.

-ئەزمونی گەنجان کەمە، ئەزمونی گەورەکان زۆرە.

-گەنجان هەوڵ دەدەن بارودۆخ لەگەڵ خۆیان بگونجێنن، بەڵام گەورەکان خۆیان لەگەڵ بارودۆخدا دەگونجێنن.

-ئەم جیاوازیانە ڕێژەییەو ناتوانین بەسەر جیلێکدا بیسەپێنین، بەڵکو جیاوازیش هەیە لەجیلیشدا لەنێوان گەنجان و گەورەکانیشدا، کەپێچەوانەی ئەوخاڵە جیاوازانەیە کەباسمان کرد لەوانەیە ببینین گەنجێک زۆروردبین و لەسەرخۆ و خۆگونجێن بێت لەگەڵ ژینگەدا، بەتەمەنێکیش ببینین زۆر بەپەلەو بەتەماع و ...هتد، کەواتە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆئەو پەروەردەیەی کەکراوە، و ئەوباکگراوندە ڕۆشنبیری و ئەزمونەی کەپێیدا تێپەڕیوە.

کاری گرنگ لەم جیاوازیەدا ئەوەیە کەکەمێک لەوهێرشانەی کەجیلە یەک لەدوایەکەکان بەکاری دێنن کەمبکرێتەوە، پێویستە باوک ڕێز لەگەنجانی ئەمڕۆ بگرێت و گەنجانیش ڕێزو تەقدیریان هەبێت بۆگەورەکانو بەتەمەنەکان.. واتە ئەفزەلیەت نیە بۆبەتەمەنەکانی دوێنێ و گەنجانی ئەمڕۆ، چونکە هەریەکەیان خاڵی باش و خراپی خۆیان هەیە.

-کەسی ژیرو ئاقڵ ئەوەیە کەبتوانێت سود لەباشیەکانی هەردوولا وەردەگرێ لەبەر ئەوە جیلەکان کەیەک لەدوایەک دێن تەواوکاری یەکترن بەهەموشیانەوە ژیان تەواودەکەن، جیلەکانیش پێویستیان بەگەنجانی چالاک وبەتوانا هەیە بەتەواوکاری لەگەڵ بەتەمەنەکانی جیلەکەدا، وەک ساردو گەرمی وایەری کارەبا، تاپێکەوە ڕوناکیەک ببەخشین بەکۆمەڵگاکەیان کەئەویش سروشتی ژیانە.

# ئایا کۆمەڵگا کچی ئازاو چاونەترسی لا پەسەندە؟

**شیراز بەختیار**

ئایا کۆمەڵگا کچی چاونەترسی لە لاپەسەندە؟ ئایا واتای چاونەترسی لە کلتوری ئێمەدا چیە؟ جۆرەکانی چین؟ ئایالە کۆمەڵگادا چ جۆرێک چاونەترسی پەسەندە یاخود کچی ئازاو چاونەترس لای کەس هەر پەسەند نیە؟

لە ڕاستیدا جیاوازی زۆر هەیە لە شیکردنەوەی واتای کچی چاونەترس‌و بوێر لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، هەندێک کەس وای شیدەکاتەوە کەئەوە کچێکی مۆدێرنەو توانایەکی بەهێزی هەیە لە جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵە بە پلەیەکی باڵا و توانای بەرگریکردنی لە خۆی هەیە، و هەندێکیش بەواتایەکی تر شیدەکەنەوە کەوای دادەنێن ڕەوشتێکە لە دەرەوەی سنوری دابونەریت‌و کۆمەڵایەتی.... بە پێچەوانەی ئەوان هەندێکیش وای دادەنێن جوانترین ئازادی کە لە ئافرەتدا هەیە شەرمکردنە (الخجل) کەبە گرنگترین خەسڵەت لە ئافرەتدا ناسراوە کە کەسایەتی دەڕازێنێتەوەو جوانتری دەکات، خوای گەورە پێی بەخشیوە لە دروستبوونی و سروشتیدا لە هەست وسۆزو شەرم.!!

هەندێک بەشێوەیەکی هەڵە شیکردنەوەی بۆدەکەن ناتوانن جیاوازی لەنێوان ئازایەتی سروشتی و ئازایەتی دروستکراو ڕەوشتی بەرزو ڕەوشتی ناشریندا بکەن.

ئەگەر لەواتای چاونەترسی بەشێوە ڕاستەکەی بگەین، نمونەی دەربڕینە لە خودو دەربڕینی بۆچوونە بەئاگایی لەڕاستیەکان‌و مامەڵەکردن بە هەموو متمانەو ئازایەتیەک، چاونەترسی بەوەنایەت کەسەکە ڕەوشتی ناشرین‌و جل‌وبەرگی ناشایستەی پۆشیوە، یان قسەو گفتوگۆ لە دەرەوەی سنوری خۆی بکات، بۆیە هەندێ جار لێرەدا کچ تاوانبار دەکرێت بە چاونەترسیەکەی، سەیردەکرێت کەئەو کەسێکی نامۆیە لە هەڵسوکەوتیدا، وەک پیاو خۆی دەنوێنی، یاخود بەپەروەردەیەکی باش‌و دروست پەروەردە نەکراوە.

زۆرجار ئەو کەسە بەداخەوە گەیشتۆتە پلەیەک کە هیچ کەسێک لەلای پەسەندنیە، چونکە ئەو هەمووشتێک دەکات‌و دەیەوێت بە بێ هیچ چاودێریەک‌و بەئارەزووی خۆی هەڵسوکەوت بکات، وای دادەنێت کەئەو ڕەوشتانە لە ناوەڕۆکی سەربەستی کەسێتیدایە کە ئەوکەسەی بەرامبەر دەخاتە سنورێکی تاوانباریەوەو بەم شێوەیە خۆی دەچێتە پاڵ جۆرە پیشکەوتن و بەرزبوونەوەیەک، کەئەوە لەبنەڕەتدا بەدەرچوون و بەزاندنی سنوور دادەنرێت، چونکە بوونیادی خراپ دەکات لە بەرئەوەی لەسنوری داب و نەریتەکان دەرچووە، ولەبیری چووە کەپاراستنی بەها باڵاکان خەسڵەتێکی گرنگە کە مرۆڤی چاونەترسی پێدەناسرێتەوە.

چاونەترسی لە کۆمەڵگادا دەبێت هەندێک پێوەری بۆدابنرێت کەبگونجێ لەگەڵ دابونەریت‌و ئایندا، میانەڕەوی و وازهێنان لەشلگیری بۆ ئەوکەسەی کەبەوکارە هەڵدەستێ، دەبێت هەوڵ بدات ئازا بێت، بۆیە هەندێ کچ واگومان دەبەن ئەگەر بەم جۆرە لەواقعی خۆی دورکەوێتەوە ئازاد دەبێت و ئەوکاتە ناسنامەی کچی چاونەترس و کراوەو ڕۆشنبیر بۆخۆی وەدەست دەخات؟!

بەم جۆرە ئەو کەسە لەواقیعی خۆی دوور دەکەوێتەوەو وادەزانێت کەلادان لەڕاستیدا ناوبانگی کچی ئازاو کراوە ورۆشنبیرە، ئەو سەربەستی وئازادی یەی ئەمڕۆ هەموو شتێکی گرتۆتەوە، چ کارێک هەیە لەدروستکردنی پشێوی وهەڵوەشان و داماڵین هەیە لەیاسا ڕاست و گەورەو بەنرخەکان؟!

زۆرجار ئازادی کەخۆی چەند گەورەو جوانە، بەڵام خاڵیە لەبەرپرسیاریەتی، چونکە هەندێک لەمانای ئازادی واتێگەشتون کەهەر شتێک بیەوێ بیکات و ئەنجامی بدات بەبێ گوێ دانە کەسانی بەرامبەر و سنوری ئازادیەکانیان.

کەواتە کۆمەڵگە کچی چاونەترس لەبەردەم ڕاستی و خزمەتکار لەبەردەمی ڕاستیدا وەک (مەریەم)ی دایکی عیسا (سەلامی خوایان لەسەر بێت) دەوێت، یا وەک ژنانی سەردەمی پێغەمبەر کەدەیفەرموو: ڕەحمەتی خوا لەژنانی ئەنسار هیچ ڕێگرییەک نیە بۆ شارەزابوونیان لەئاین.

کچانیش پێویستە بەرپرسانە هەستن بەگەیاندنی پەیامی خۆیان وبتوانن بەهاوکاری کۆمەڵگە ماف و ئازادیەکان بۆخۆیان بگەڕێننەوە..

بائەگەر لەسەرەتاشەوە دژایەتی یان پاڵپشتیان نەبێت، بەڵام دواجار نەوەیەکی چالاک و حەقخواز پێدەگات کەکچی ئازاو چاونەترسی قەبوڵ بێت و هانی بدات.

ئەستێرەکانی سینەمای ئێران

# هەدیە تارانی

**فاتمە ئەدهەم**

هەدیە تارانی لەساڵی (١٩٧٢) لە تاران لەدایکبووە، دیبلۆمی لە زانستدا هەیە، دایکی ناوی (سیما میرزایی)یە و تەنها خوشکێکی هەیە ناوی (هیلدا)یە، ئەویش وەکو هەدیە هونەرمەندە.

هەدیە و زۆر هۆگری دایکی بووە، بەڵام وەک خۆی وتویەتی لەتەمەنی لاویدا بەسەربەخۆیی ژیاوە لەشاری (ئەکباتان)، حەزی لەدەرس خوێندن نەبووە، لەقوتابخانەدا نمرەیان پێداوە بۆئەوەی دەربچێت، دوای وەرگرتنی دبلۆم، دەستی بەکارکردن کردوە لەنێو بازاردا، لەگەڵ خاڵیدا لەکارگەی دروستکردنی زێردابووە، هەر لەوساڵانەدا چەندجار پێشنیاری کاری سینەمایان بۆ کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی لەکارەکەی تریدا پارەی زۆری دەست ئەکەوت سینەمای ڕەت ئەکردەوە، چونکە کاری نواندنی بە پیشە سەیرنەکردوە، ئێستاش هەروا دەڵێت. پاش ئەمە لەبواری وەرزشی تێنس و مەلەوانیدا ماوەیەک وەک مامۆستا کاری کردوە، دوای ئەوەش پەیوەندی لەگەڵ مۆسیقادا پەیدا کردوە کە تا ئێستاش هەرماوە، ناوبراو هاوسەردارەو هاوسەرەکەی ناوی (هومەن)ەو کاری وێنەگرتن و کامێرا دەکات.

**کەسایەتی هەدیە تارانی:**

زۆر حەزی لەخوێندنەوەیەو لەبواری فەلسەفەدا دەخوێنێتەوە، زۆر حەزی لەسەفەر کردنە، تا ئێستا چەندین وڵات گەڕاوەو لەوێ بۆ ماوەیەک ژیاوە، وەک: ئەمریکا، ئیتالیا، کەنەدا، فەرەنسا، یۆنان، ئەڵمانیا، لەندەن .

هەدیە لەپیری و مردن ناترسێت، چونکە دەڵێت بەجۆرێک دەژیم کەحەسرەت بۆ ئەوانە نەخۆم، ئەهلی میوانی و شەونشینی نیە، ناچێتە ئاهەنگ و بۆنەکانی تەلەفزیۆن، هەرگیز جلوبەرگی گرانبەها ناپۆشێت، هەمیشە لەپرسەکاندا ئامادە دەبێت و عا شقی مەراسیمە مەزهەبیەکانە، وەک: محەرەم و ڕەمەزا ن.

بە پێچەوانەی ئەکتەرەکانی ترەوە لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتدا قسەی زۆر دەکات وسوپاسی هەمووان دەکات، لەکاتی وەرگرتنی باشترین خەڵاتی سینەمای ئێراندا بۆ ساڵی (١٩٩٦) تەنها ئەمەی وت (ئەگەر هەر کەس بەکەسێکدا بنازێت ئەوا من بەخوای گە ورەدا دەنازم).

لەناو ئەکتەرەکانی سینەمای ئێراندا نزیکترین هاوڕێی (شقایق فراهانیە) وبنەماڵەکەیانە، کە سێکی هێمن و لەسەرخۆیەو زۆر کەم کۆنترۆڵی خۆی لەدەستدەدات. لەوکاتەوەی لە سینەمادا کاردەکات تەنها سێ گفتوگۆی لەگەڵ گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا سازداوە.

ئەو خەڵاتانەی کە پێی بەخشراون:

-ساڵی (١٩٩٩) لەسێ فیلمدا بەشداری کردوەو خەڵا تی پێ بەخشراوە بۆ فیلمی (سلتان).

-خەلاتی سیمرغ بلورین پێ بەخشراوە بۆ باشترین ئەکتەری ژن .

-لەساڵی (٢٠٠٢)دا دووبارە لەسێ فیلمدا بەشداری کردوەو بووەتە سۆپەر ستاری هەمان ساڵ.

-لەساڵی (٢٠٠٤)دا بۆ دووەم جار بەباشترین ئەکتەری ژن هەڵبژێردراوە.

-خەلاتی تاوسی زێڕینی وەرگرتووە.

-لەساڵی (٢٠٠٥)دا لەگەڵ (بەهمەنی قوبادی)دا لەکوردستان وەک ئەکتەرو هاوکاری بەهمەنی قوبادی بووەو لەو فیلمە تازەیەیدا کەناوی "نیمە ماە"ە.

**کاری بۆ ئەم دەرهێنەرانە کردووە:**

-بەهمەن قوبادی، مەسعود کیمیای، سیرویس ئەلوەند، سامان مقەدە، کەیوان عەلی محەمەدی، ئومێد بنکدار، حەمید ڕەزا سەلاحمەند، مەنوچەر معیری، محەمەد حسەین لەتیفی، مانی حەقیقی.

**فیلمو زنجیرەکانی:**

-سلتان.
-دستهای ئالودە.
-شوکران.
-قرمز.
-غریبانە.
-ئابی
-چتری برای دوو نفر.
-پارتی.
-زمانە.
-دوئل.
-شبانە.
-ئابادان.
-دنیا.
-همسایە.
-نیمە ماە.
-فرزند صبح.
-جای برا ی زندگی.
-کاغزی بی خت.
-بو تیک
-دختر ایرونی.
-خانە ئای روی ئاب.
-چهار شنبە سوری.
-اشک.

تەنها لە دووفیلمدا کەئەوانیش (دنیا، دختر ایرونی ) بەبڕی (١٥٠٠٠٠٠٠٠) هەزارو پێنج سەد ملیۆن تمەن کاری کردوە .

